داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پاڕێزەرانی ئاوی عێراق

Water Right Foundation

هاوبەش

ئەم پرۆژەیە پشتگیری دارایی کراوە لە لایەن یەکیەتی ئەورووپاوە

لایەنی جێبەجێکار

هەواڵنامەی ژمارە ١٤ | کانونی یەکەم – ٢٠١٦ | پەڕەی ١ لە ١

ڕاهێنانی تایبەت بۆ ڕێکخراوە ژینگەییە نا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

سروشتی عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای مافەکانی ئاوی ئیتاڵی لە پرۆژەی داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان، هەستان بە ئەنجامدانی ڕاهێنانی تایبەت بە هەندێك لە ڕێکخراوە ژینگەییە نا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە دوو گروپی جیاواز (سلێمانی و هەولێر) لە بەرواری ٨ی تشرینی دووەم ٢٠١٦ هەتاوەکو بەرواری ١٥ی تشرینی دووەم ٢٠١٦، کە هەردوو گروپەکە ٦ ڕۆژی خایەند لە هۆڵی ئوتێل ئەبوسەنا لە سلێمانی و ٤٢ کەس بە هەردوو گروپەکە تیایدا بەشدار بوون.

تیۆری ڕاهێنانەکە تایبەت بوو بە چۆنێتی دروست کردنی کامپەین بە شێوازێکی مۆدێرن و شارستانییانە ، لە لایەن هەردوو ڕاهێنەری بەتوانا: ئیلیسا تاسکی و مانریکۆ بینیلی یەوە وتارەیەوە کە لە لایەن دەزگای مافەکانی ئاوی ئیتاڵی یەوە هاتبوون کە هاوبەشی پرۆژەکەی سروشتی عێراقن.

لە ماوەی خولەکەدا چەندین ورك شۆپ و کامپەینی جیاواز لە ناو هۆڵەکەدا ئەنجام درا و فیرخوازەکان ئاشنا کران بە شێوازە جیاجیاکانی کەمپین لە ڕێگەی پێشکەش کردنی بابەت و نمایش کردنی چەند فیدیۆیەك، وە ڕۆژی سێهەم و کۆتایی خولەکان تایبەت کران بە سازدانی کامپەینێکی تایبەت بە بوارە جیاوازەکانی ژینگە وەك (پیس بوونی ئاو، خاك، هەوا، زۆر بوونی ئوتومبێل، کەمبوونەوەی ڕێژەی سەوزایی، زیاد بوونی کارگەکان، ڕاوکردنی ئاژەڵەکان، زۆربوونی ڕێژەی پلاستیك، هتد..) بە شێوەیەکی کرداری لەبەردەم باخی گشتی لە سلێمانی تایبەت بە کامپەینەکەی گروپی (ڕێکخراوەکانی سلێمانی و دەوروبەری) کە بە ئەنجام گەیەندرا، لە کاتێکدا گروپی ڕێکخراوەکانی (هەولێر و دەوروبەری) کە گروپی دووەمی خولەکە بوون لە ناو زانکۆی جیهان لە سلێمانی کەمپەینەکە ساز کرا.

هەر لە ڕۆژی سێیەمی ڕاهێنانەکان، بروانامە بەخشرا بە بەشداربووان و جەخت کرایەوە لە کاریگەری کارکردنی ڕێکخراوەکان بە کۆمەڵ وە گەیاندنی کێشە و داواکاریەکانی خەڵك بۆ حکومەت لە ڕێگەی کەمپینی (هەڵمەتی) ژینگەیی تایبەت بە ناوخۆی کوردستان و جیهان.

کۆبونەوەیەکی هاوبەشی پرۆژەی داکۆکیکردن لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی

لە بەرواری ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦، ڕێکخراوی سروشتی عێراق بە نامادەبوونی ڕاژان ئاسۆ - پارێزەر/ یاریدەدەری یاسایی لە پرۆژەی داکۆکیکردن، نامادەی کۆبونەوەیەکی هاوبەش بوو لە هۆڵی ڕێکخراوی کیدۆ لە سلێمانی، لە کۆبونەوەکەدا تیشك خرایە سەر چەند بابەتێکی ژینگەیی و تەندروستی وە دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گەنجاو بۆ ئەو کێشانەی لە ئێستادا بوونیان هەیە، جێی باسە لە کۆبونەوەکەدا نزیکەی ٢٦ کەسی شارەزار و پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکاندا نامادەبوون و بۆچونی خۆیان خستە ڕوو لەسەر بابەتەکە و چەند پێشنیارێکیان خستە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لە کۆتایدا نامادەبوان هاوڕا بوون لەسەر پێك هێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە کەسانی یاسایی و ئەندام پەرلەمانی کوردستان و مامۆستای زانکۆ و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوێنەرانی بنکەی تەندروستی و نوێنەری کەم ئەندامان و لایەنی شارەزا لەسەر بابەتەکە، وە لە هەمان ڕۆژدا لیژنەی ناوبراو دیاری کرا وە لە نزیکترین کاتدا دەست بەکار دەبن وە چارەسەری کێشەکان ئاراستەی لایەنی پەیوەندی دار دەکرێن، پرۆژەی داکۆکیکردنیش لە لیژنەکەدا بەشدارە.



داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پاڕێزەرانی ئاوی عێراق

Water Right Foundation

هاوبەش

ئەم پرۆژەیە پشتگیری دارایی کراوە لە لایەن یەکیەتی ئەورووپاوە

لایەنی جێبەجێکار

ئامادەکراوە لە لایەن : دیاری محمد رشید / پرۆژەی داکۆکیکردن

Www.Natureiraq.org

کۆبونەوەیەکی هاوبەشی پرۆژەی داکۆکیکردن لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی

پرۆژەی داکۆکیکردن لە ڕێکخراوی سروشتی عێراق هەستان بە سازدانی کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی لە بەرواری ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦، بە نامادەبوونی هەردوو ڕاهێنەری ئیتاڵی: ئیلیسا تاسکی و مانریکۆ بینیلی (شارەزایانی بواری ژینگە لە لایەن دەزگای مافەکانی ئاوی ئیتاڵی کە هاوبەشن لە پرۆژەی داکۆکیکردنی سروشتی عێراق). هەروەها دیاری محمد رشید و ڕاژان ئاسۆ لە پرۆژەی داکۆکیکردن و وەك ڕێکخەری کۆبونەوەکە بەشدار بوون، هەروەها ژمارەیەك لە نوێنەرانی چەند بەشێکی بەڕێوەبەرایەتی یەکە نامادەی کۆبونەوە هاوبەشەکە بوون وەك بەشی زیادەڕەوی، اشتراکات، هاوبەشی کردن، جیۆلۆجی، تاقیگە، هتد..

مەبەستی کۆبونەوەکە بریتی بوو لە باس کردن لە یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە بەفیرۆدانی ئاو و سزای یاسایی سەرپێچی کاران وە گۆڕگرتن لە نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکە تایبەت بە بابەتی ئاوبراو. ئامانجێکی تری کۆبونەوەکە باس کردن بوو لە گرنگی و ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە پێش دەرچواندنی یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە ئاو و دیاری کردنی بڕ و جۆری سزای سەرپێچی کاران.

لە ماوەی کۆبونەوەکەدا نامادەبووان باسیان لە دوو کێشەی زۆر سەرەکی کرد، کە یەکەمیان بریتی یە لە جێبەجێ نەکردنی یاسایەکی تایبەت بە (پارێزگاری کردنی تۆرەکان و بنیات نانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان - عێراق)ی ساڵی ٢٠١٣ کە تا ئێستا بە فەرمی لە پەرلەمانی کوردستانەوە ڕەزامەندی لەسەر نەدراوە لەگەڵ ئەوەی بڕی و جۆری سزاکان زۆر قورستر کراون کە بە ڕای زۆربەی نامادەبوانی کۆبونەوەکە ڕەنگە ئەم یاسایە ئەگەر جێبەجێ بکرایە زۆر کاریگەرتر بووایە وەك لەوەی کە ئێستا بڕی سەرپێچی یەکان زۆر کەمن کە ڕەنگە زۆر کەس گوێ نەدات بە پێدانی ئەو بڕە پارە کەمە و بەردەوام بن لەسەر سەرپێچی کردن، وە نەبوونی ژمارەیەکی تەواو لە پۆلیسی تایبەت بەم کارە بۆ کاتی گەڕان و پشکنین بەدوای سەرپێچی کاران ڕەنگە ئەمیش هۆکارێکی تربێت کە نەتوانرێت ئەو هێزە تەواوە هەبێت کە پێویستە لە کاتی پشکنین و گەڕان بە دوای سەرپێچی کارانی ئاودا.

هەروەها باس لە ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرا کە بەداخەوە تا ئێستا نەیان توانیوە وەکو پێویست ئەو یاسا و ڕێنماییانە بگەیەنن بە خەڵکی و بڕ و جۆری سزاکان ڕوون بکەنەوە.

هەر لە میانی کۆبونەوەکەدا هەردوو ڕاهێنەرە ئیتاڵییەکە باسیان لە ستراتیجی و پلانی جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێساکان کرد لە وڵاتانی یەکیەتی ئەورووپا و ئیتاڵیا بە تایبەتی وە هاوبەشی پێکردن و وەرگرتنی ڕاو و بۆچونی ڕێکخراوەکان سەبارەت بە بابەتێکی دیاری کراو.

لە کۆتایی کۆبونەوەکە نامادەبووان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- زۆر پێویستە خەڵکان هاوبەشییان پێ بکرێت دەربارەی پارێزگاری کردنی ژینگە و ئاویش بەشێکی گرنگیەتی.

٢- گرنگە بەردەوام خەڵکی هۆشیار بکرێنەوە، لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت و لایەنە سیاسی یەکان بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە نا حکومی یەکان کار بکەن بۆ هەر هەڵمەتێکی هۆشیاری ژینگەیی.

٣- ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بە تەنها بیەوێت ڕەفتار و ئاستی هۆشیاری تاکی کۆمەڵگا بگۆڕێت بۆ بارێکی باشتر، ڕەنگە کاتێکی زۆری بوێت وە ئاسانتر ئەبێت ئەگەر هاوبەشی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە نا حکومییەکان بکات.

بۆ بینینی هەواڵی زیاتر لەسەر پرۆژەکە: www.Kr.natureiraq.org > پرۆژەکان > سەرچاوە ئاوییەکان > پرۆژەی داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان

چالاکی پرۆژەکە لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٦

لە بەرواری ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦، پرۆژەی داکۆکیکردن بەشداری کرد لە سیمینارێك لە هۆڵی ڕێکخراوی کیدۆ لە ژێر ناوی هاوەردە کردنی ئوتومبێلی دۆستی ژینگە-Hybrid، بە نامادەبوونی لایەنە بەرپرسەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. وەك ئاشکرایە ساڵ لە دوای ساڵ کێشەکانی ژینگە ڕوو لە زیاد بوون دەکەن، ئەم کارەش بە شێوەی چەندین هەنگاو ئەنجام دەدرێت کە یەکێك لە هەنگاوەکان بریتی یە لە ئوتومبێلی جۆری Hybrid کە بە ئوتومبێلی دۆستی ژینگە دا دەنرێت کە گرنگترین خاسیەتەکانی ئەم ئوتومبێلە کار کردنیەتی بە کارەبا کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی گازی دوانۆکسیدی کاربۆن و گازە ژەهراوییەکانی تر کە بەهۆی بەکارهێنانی ئوتومێلەوە ڕوو دەدات. هەربۆیە پێشنیارمان کرد کە حکومەتی هەرێم و عێراقیش بڕیارێك دەربکەن لە ساڵی داهاتووەوە هەموو کۆمپانیا و بازرگانەکانی بواری هاوەردەکردنی ئوتومبێل ناچار بکرێن کە دەبێت بە لایەنی کەمەوە بە ڕێژەی ٥% بۆ ٧% ئوتومبێلەکان لە جۆری Hybrid بن وە کارئاسانیش بۆ کڕیارانی ئەم ئوتومبێلە بکەن. هەر بۆ ئەم مەبەستە یاداشتێکمان گەیاندە دەست بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرزکردنەوەی بۆ لایەنی پەیوەندیدار و کارکردن لەسەر یاداشتەکە.